# کۆخێکی لادێ

**نووسینی ئەنتۆن چیخۆف**
**و/ رابەر یونس**

ژن و مێردێکی جەحێڵ، کە لەمێژ نەبوو زەماوەندی هاوسەرییان کردبوو، لە شۆستەی وێستگەیەکی بچووکی شەمەندەفەری لادێ، لەمەسەر بۆ ئەوسەری پیاسەیان دەکرد. پیاوەکە قۆڵی لە قەدی ژنەکەی ئاڵاندبوو، ژنەکەش بە جۆرێک سەری لەسەر شانی پیاوەکەی دانابوو، هەردووکیان دڵخۆشیی زۆریان پێوە دیار بوو.
مانگ لە پەنای پەڵە هەورەکانەوە، کە بەدەم باوە لەسەرخۆ دەڕۆیشتن، سەری لێ دەردەهێنان و ڕووی گرژ دەکرد، وا دیار بوو مانگ ئیرەیی بە بەختەوەرییان دەبرد و پەشیمان بوو لەوەی کە ئەوەندە زیاد لە پێویست بە کچێتی ماوەتەوە. بۆن و بەرامەی گێلاسی کێوی و گوڵە لەیلان، هەوا مەندەکەی قورس کردبوو، لە دوورەوەش لە شوێنێك پۆرێك دەیخوێند.
ژنە جەحێڵەکە بە نەرمییەوە گوتی "چەند جوانە، ساشا، چەند جوانە! هەر بە خەون دەچێت. تەماشا ئەو دارو درەختانە چەندە جوان و دڵڕفێن دێنە بەر چاو! ئەو پۆستە تەلگرافانە چەندە بێدەنگ و جێگیر و دڵگیرن! ئاوازێکی تایبەتی دەدەن بە دیمەنی ئەو دەشت و دەرە، ئەو پۆستانە مرۆڤایەتی دەنوێنن، شارستانیەتی لە دوورەوە.. پێت وا نییە زۆر دڵگیرە کاتێك با دەنگی هاشەی شەمەندەفەر لەگەڵ خۆی دێنێ؟"

"با.. بەڵام دەستت چەندە بچکۆلە و گەرمن.. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە تۆ خرۆشاوی، ڤاریا.. ئەمشەو بۆ نانی شێوانمان چیت ئامادە کردووە؟"

"مریشك و زەڵاتە.. مریشکەکە هەر بایی دوو کەس دەکا.. لەگەڵ ماسی سەلمۆن و ساردینەکان کە لە شار بۆمان هاتبوو.."

مانگ هەر وەکو ئەوەی برنووتی بە لووتدا کرابێ ڕوخساری خۆی لە پەنا هەورێکدا شاردەوە، بەختەوەریی مرۆڤ تەنیایی خۆی وەبیر دەهێنایەوە.

ڤاریا گوتی "شەمەندەفەرەکە وا دێ! چەند خۆشە!"

لە دوورەوە سێ چاوی ئاگرین دەبینران. بەرپرسی وێستگەکە لە شۆستەکە هاتە دەرێ. ڕووناکی ئیشارەتیش لێرە و لەوێ لەسەر هێڵەکە دەگەشانەوە و کز دەبوونەوە.

ساشا بەدەم باوێشکەوە گوتی "با شەمەندەفەرەکە ببینین کە دێتە ناو وێستگەکە و ئینجا بڕۆینەوە. ئێمە کاتێکی چەندە خۆش لەگەڵ یەك بەسەر دەبەین، ڤاریا، ئەوەندە خۆشە کە پیاو بەزەحمەت باوەڕ دەکا ئەمە ڕاستی بێت!"

شەمەندەفەرەکە بە بێدەنگی خشەی کەنار شۆستەکە و گیرسایەوە. ڕوخساری خەواڵوو و شان و شەپقەیان لە پەنجەرە نیمچە ڕوونەکانەوە دەبینی.
لەناکاو گوێیان لێبوو لە یەکێك لە فارگۆنەکان دەنگێك هاوار دەکات "بڕوانن! تەماشا! ئەوە ڤاریا و ساشان بەپیرمانەوە هاتوون. ئەوەتان!... ڤاریا!... ڤاریا... تەماشا!"

دوو کچی بچکۆلە لە شەمەندەفەرەکە دابەزین و دەستیان کردە ملی ڤاریاوە، بەدوایانەوە خانمێکی خڕەی تەمەن مامناوەندی هاتە خوار، لەگەڵ ئەفەندییەکی باریکی درێژی سمێڵ پشیلانی، لەپشت ئەوانیش دوو کوڕ و بەدوای ئەوانیشەوە پەرستارەکەیان و بەدوای ئەویش داپیرە دابەزی.

ئەفەندییە سمێڵ پشیلانییەکە دەستی پێ کرد "ئەوە گەیشتین! ئەوە گەیشتین ڕۆڵە!" دەستەکانی ساشای گوشی" لەو بڕوایەدام لە چاوەڕوانیمان بێزار بوویت! ڕەنگە زۆر گازاندەت لە پیرە مامت هەبێ، کە ئەو هەموو ماوەیە نەهاتوومەتە لات! کۆلیا، کۆستیا، نینا، فیفا... منداڵینە، وەرن ئامۆزا ساشاتان ماچ بکەن! هەموومان لێرەین، فرقەکە بەتەواوی لێرەیە... تەنیا بۆ سێ چوار ڕۆژ... هیوادارم بۆ میوانداری تۆ یەکجار زۆر نەبین، خۆ نابێ تۆ بکەینە دەرەوە!"

ژن و مێردی جەحێڵ بە بینینی مامیان و خانەوادەکەی هەترەشیان چووبوو. کاتێك کە مامی ساشا قسەی دەکرد و ماچی دەکردن، ساشا وێنەیەکی کۆخە بچووکەکەیانی هێنایە بەرچاوی خۆی، کە ئەو و ڤاریا دەستبەرداری هەرسێ ژوورە بچووکەکانیان و هەموو بالیف و نوێن و ڕایەخەکانیان بوونە بۆ میوانەکانیان، سەلمۆنەکە و سەردینەکان و مریشکەکە هەمووی بە چرکەیەك لووش کراوە، ئامۆزاکانی گوڵی باخچەکە هەڵدەپرووکێنن، مەرەکەبەکە دەڕێژن و کۆخەکە پڕ دەکەن لە ژاوەژاو و هەرا، پووری بە بەردەوامی باسی دەردەکانی دەکات، باسی ئەوە دەکات کە باوکی ئەو بارۆن ڤۆن فینچە ...

ساشا بە جۆرێك بە ڕقەوە تەماشای هاوسەرە جەحێڵەکەی خۆی کرد و بە چرپە پێی گوت:
"ئەوان هاتوون تۆ ببینن.. بەنەفرەت بن!"
ڤاریا لە توڕەییان ڕەنگی بزرکابوو گوتی "نەخێر، بۆ بینینی تۆ هاتوون! ئەوان خزمی تۆن، خۆ خزمی من نین!"

# خەڵاتەکانی ئۆسکار




**وەرگێڕانی: ڤایۆلا**

خەڵاتەکانی ئەکادیمی، کە ناسراوە بە خەڵاتەکانی ئۆسکار، ساڵانە لەلایەن "ئەکادیمیای زانست و هونەری فیلمی سینەمایی" پێشکەش دەکرێت بۆ دەستنیشانکراوی باشترین پرۆفیشناڵانی بواری فیلمسازی، لەوانە دەرهێنەران، ئەکتەران و نووسەرانی بواری فیلم، ئەو مەراسیمەی خەڵاتەکانی تێدا پێشکەش دەکرێت یەکێکە لە دیارترین مەراسیمەکانی دنیا. ئەم خەڵاتە بە کۆنترین خەڵات دادەنرێت لە بواری فیلمدا، خەڵاتەکانی تری ئەو بوارە وەك "خەڵاتەکانی گرامی" بۆ موزیکی نێو فیلم، "خەڵاتەکانی گۆڵدن گلۆب" بۆ هەموو بوارەکانی وێنەی بینراو و "خەڵاتەکانی ئێمی" بۆ تەلەفزیۆن، لەدوای ئەوەوە دانراون. ئەکادیمیای زانست و هونەری فیلمی سینەمایی لەلایەن کەسێك بە ناوی لویس بی مایەر دامەزراوە.

## مێژووی خەڵاتەکە

یەکەم مەراسیمی خەڵاتەکانی ئۆسکار لە بەرواری (١٦)ی حوزەیرانی (١٩٢٩) بەڕێوەچوو، لە هۆتێلی ڕۆزڤێلت لە هۆلیود، بۆ پێشکەشکردنی خەڵاتی باشترین فیلمەکانی ساڵی (١٩٢٧) و (١٩٢٨) بە ئامادەبوونی (٢٧٠) کەس. لەدوای یەکەم مەراسیمەوە هەموو ساڵێك مەراسیمەکە لە ڕێگەی پەخشی گشتییەوە بڵاو دەکرێتەوە، سەرەتا لە ڕێگەی ڕادیۆوە، دواتر لەدوای (١٩٥٣)وە لە ڕێگەی (تی ڤی)یەکانەوە بوو. لە (١٠) ساڵی یەکەمدا ئەنجامی خەڵاتەکان دەدرا بە ڕۆژنامەیەك، کە لە هەمان شەوی مەراسیمەکە دەبەخشرا، ئەم خەڵاتە تا ئەو کاتە بەو شێوەیە بوو کە ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس تایمز وای کرد بەر لە شەوی مەراسیمەکە ئەنجامەکانی بڵاو دەکردەوە، دوای ئەوە ئەکادیمیاکە زەرفێکی مۆرکراوی دەردەهێنا لە شەوی بڵاوکردنەوەکە. لە ساڵی (٢٠٠٢)ەوە خەڵاتەکە لە هۆتێلی کۆداکەوە مەراسیمەکەی بەڕێوە دەچێت.

## شێوەی خەڵاتەکە

تا ئێستا حەوت جۆرە دیزاینی خەڵاتەکە دبەش کراوە، کە بەپێی هاتنی کات گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ناسراوترینیان ئەو دیزاینەی ئێستایە کە پێی دەگوترێت "خەڵاتی ئەکادیمی مێریت"، ئەم خەڵاتە لە زێڕ دروستکراوە لەسەر بنکێکی کانزایی ڕەش، درێژییەکەی (٣٤) سانتیمەترە و کێشەکەی (٣,٨٥) کیلۆیە. دیزاینەکەش وێنەی سوارچاکێکە و شمشێرێکی بەدەستە.

## خەڵاتەکانی پێشکەش بەم بوارانەی فیلمی سینەمایی دەکرێت

- خەڵاتی باشترین ئەکتەر لە ڕۆڵی سەرەکیدا، لە ساڵی (١٩٢٧)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین ئەکتەر لە ڕۆڵی یاریدەدەردا، لە ساڵی (١٩٣٦)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن لە ڕۆڵی سەرەکیدا، لە ساڵی (١٩٢٧)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن لە ڕۆڵی یاریدەدەردا، لە ساڵی (١٩٣٦)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین فیلمی ئەنیمەیشن (وێنەی جوڵاو)، لە ساڵی (٢٠٠١)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین فیلمی ئەنیمەیشنی کورت، لە ساڵی (١٩٣١)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین دەرهێنانی هونەری، لە ساڵی (١٩٢٧)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین وێنەگرتنی فیلم، لە ساڵی (١٩٢٧)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین دیزانی جلوبەرگ، لە ساڵی (١٩٤٨)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین دەرهێنەر، لە ساڵی (١٩٢٧)ەوە تاکو ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیومێنتەری، لە ساڵی (١٩٤٣)ەوە تاکو ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین بابەتی کورتی دۆکیومێنتەری، لە ساڵی (١٩٤١)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین مۆنتاژی فیلم، لە ساڵی (١٩٣٥)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین فیلم بە زمانی بیانی (مەبەست جگە لە زمانی ئینگلیزییە)، لە ساڵی (١٩٤٧)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین فیلمی ئەکشنی کورتی زیندوو، لە ساڵی (١٩٣١)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین ئارایش، لە ساڵی (١٩٨١)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی زۆرترین خاڵ، لە ساڵی (١٩٣٤)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین گۆرانی نێو فیلم، لە ساڵی (١٩٣٤)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین فیلم، لە ساڵی (١٩٢٧)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین مونتاژی دەنگ، لە ساڵی (١٩٦٣)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین میکسیی دەنگ، لە ساڵی (١٩٣٠)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین کاریگەری وێنەیی، لە ساڵی (١٩٣٩)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین نووسەر - بۆ سناریۆی وەرگێڕاو، لە ساڵی (١٩٢٧)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.
- خەڵاتی باشترین نووسەر - بۆ سناریۆی ڕەسەن، لە ساڵی (١٩٤٠)ەوە تا ئێستا دەبەخشرێت.

هەروەك دەبینین زۆربەی خەڵاتەکان لە سەرەتای دروستبوونی ئەکادیمیاکەوە دانەنراوە، بەڵکو دواتر دانراون، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانین کە زۆر خەڵاتی تر هەبوون، پێشتر ڕەت کراونەتەوە، یان چیتر نەبەخشراون.

**سەرچاوە: ویکیپیدیا**

# چاوەکانی ئاوێنە

**و: سۆران مستەفا/لۆهان**
**هەولێر**

کاتێ سەیری ئاوێنە دەکەم، زۆر کەموکوڕی و ناتەواوی دەبینم، وەك قژەکەم و ئەو بازنە ڕەشەی کە لە دەوری چاوەکانمدایە و لووتە درێژ و قولاپییەکەم و ددانە درێژ و شاش و واشەکانیشم. ئەی ئاوێنە! کاتێ خۆم دەبینم، بیر لە هەموو ئەو ناوانە دەکەمەوە کە تۆ پێیەوە بانگت کردووم، بەمە زۆر ئازار دەخۆم، هەرچەندە دەزانم ئەوە هەر خۆمم کە بەو ناوانە خۆمم بانگ کردووە.
ئەی ئاوێنە! ئایا ئەوە منم ڕێم بە تۆ داوە بمکەی بە کەسێکی ئیرەیی پێبەر، چونکە کاتێ سەیری قژم دەکەم، بیری ئەو قژە درێژە دەکەم کە پێشتر خۆشم دەویست؟ یا ئەوە منم ڕێم بە تۆ داوە وام لێ بکەی هەست بەوە بکەم من لە خودی خۆم دزراوم؟ چی بەسەر ئەو کەسە هات کە من دەمناسی؟ ڕەنگە تۆ پێشتر بزانی ئەو منەی ئێستام چۆن بووە، ئایا بەڕاستی شەیتان لەنێو ڕۆحمدا لانەی کردووە؟
گرێیەکی گەورە لە گەرومدا دروست بووە، تووشی هەناسە تەنگیی کردووم. کاتێ ڕۆندك بەسەر کوڵمەکانمدا دێنە خوارەوە، دەمەوێ هەناسەیەکی قووڵ هەڵمژم، بەڵام ئەو هەناسەیە لە گەروومدا دەمێنێتەوە، دەست هەڵدەبڕم و تا فرمێسکەکانم بسڕمەوە، بەڵام هەر خۆم بەخۆم دەڵێم: بووەستە!! تۆ وەك شێتێك هەڵسوکەوت دەکەی.
هەوڵ دەدەم ئاراستەی بیرکردنەوەم بخەمە سەر چاوە شینەکانم، کاتێ بە قووڵی لێیان ورد دەبمەوە، دوو منداڵە جوانەکەی ناو ناخی خۆم دەبینم، ئەو خۆشەویستییەش دەبینم کە بۆ ئەوان هەمە، هەروەها ئەو خۆشەویستییەش کە بۆ کەسانی نامۆ و بێگانە هەمە، بگرە بۆ ئەو کەسانەی کە کاری خراپیشان ئەنجام داوە من هەمیشە یەکێك بوومە لەوانەی کە زوو بڕیار نەدەم، بەڵکو هەمیشە نزام کردووە و بە وردی تەماشایانم کردووە تا شتە باشەکانیان ببینم.
بەڵێ لەو کاتەدا بوو کە ژیانم دەستی بە گۆڕان کرد، لەو کاتەی هەستم کرد من ئەوە نیم کە تۆ بەمنت گوتبوو، من خۆم نەدۆڕاندووەتە شەیتان و من شێت نیم! هەرچەندە هەڵەیەکی کوشندەشم کردووە، ئەو هەڵە کوشندەیەی کە لەو خۆشەویستییە زۆرەی کە هەمبوو زۆرم بە خەڵکی بەخشیووە بەڵام هیچم بەخۆم نەداوە.
من هەمیشە یەکەم کەس بووم لە دەستنیشانکردنی باشییەکانی خەڵکی، بەڵام لە هی خۆم نا، کەس ئەوەندەی خۆم پشتی تێنەکردووم. ئەی ئاوێنە تۆ هیچ کات دەسەڵاتت بەسەر مندا نەشکاوە، بەڵکو ئەوە منم کە دەسەڵاتم بەسەر ژیانی خۆمدا دەشکێ.
ئەگەر خۆمان باشییەکانی خۆمان نەبینین، چۆن کەسێکی تر دەتوانێ ببینێ؟ ئەگەر خۆمان ڕێز بۆ خۆمان دانەنێین، چۆن کەسێکی تر ڕێز بۆ ئێمە دادەنێت؟ ئاوێنە درۆ ناکات، ئەوە خەتابار ئێمەین گەر بەبێ خەوشی خۆمان نەبینین. خەتابار، قژی ئێمە نییە، ڕووخساری ئێمە و ڕەنگ و پێستی ئێمە نییە، بەڵکو خەتابار لە نێو چاوی ڕۆحی بێ بنی ئێمەیە.
خەڵك و هەموو دونیاش دەتوانن سیمای ئێمە لە ڕێی ڕووگرژی و سوکایەتی و توڕەییەوە ببینن، بەڵام هیچ کەس ناتوانێت هێزی ڕێزگرتن، خۆشەویستی، شەرەف یا هێزی چاکە لە نێو ناخمان ببات.
هەموو ڕۆژ چەند ساتێکی خۆت لەو ژیانە جەنجاڵە دەربێنە، تەماشای ئاوێنەی چاوەکان و ناخت بکە و ئەوە بەبیری خۆت بێنەوە کە تۆ کێی کە وەك دیارییەك لە لایەن خواوە نێردراویتە سەر ئەم زەوییە؟ ئەوەش بەبیرە خۆت بێنەوە کەوا تۆ شایەنی ڕێز و خۆشەویستیی و زەردەخەنەیت.
تکایە وێنە کۆنەکانی پێشترت لە زەیندا بسڕەوە و تەماشای "چاوەکانی ئاوێنەکە بکە".

